هەر هاوڵاتیێکی هەرێم لە تورکیا گیری خواردبێت ڤیزای ترانزێتی پێدەدرێت بە گەڕانەوە

فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، هەر هاوڵاتیێک لە تورکیا گیری خواردبێت، ڤیزای ترانزێتی پێدەدرێت بە گەڕانەوە بە ڕێگەی وشکانی و لە قوناغی یەکەمی ئەو پرۆسەیە توانرا ڤیزای ترانزێت بە نزیکەی 300 هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دابینبکرێت و ئەمڕۆ 50 کەس.

فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە، لە ڕوانگەی پەرەشیمان بە گەڕاندنەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ گیریان خواردوە، دوای هەوڵکانی حکومەتی هەرێم کە لەگەڵ لایەنە فەرمی و پێوەندیدارەکانی وڵاتی تورکیا لە پێوەندی بەردەوام بوین بە ئەوەی بە ڕێگای وشکایی ئاسانکاری بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکرێ بە تایبەت ئەوانەی ڤیزایان نییە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە قوناغی یەکەمی ئەو پرۆسەیە توانرا ڤیزای ترانزێت بە نزیکەی 300 هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دابینبکرێت و ئەمڕۆ 50 کەس بە هەماهەنگی و هاوکاری سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەرانی دەروازەی سنوری ئیبراهیم خەلیل- خابور دەربازی هەرێمی کوردستان بون و تا شاری هەولێر پاسیان دابینکرابو.

بەگوێرەی ڕایگەیاندوەکە، لە ڕێگەی کونسوڵگەری گشتی تورکیا لە شاری هەولێر ئاگادارکرانەوە کە هەموو هاوڵاتییەکی هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی لە هەر وڵاتێک بێت و بێوێت بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بە گەیشتنیان بە وڵاتی تورکیا ڤیزای ترانزێتی پێنج ڕۆژییان پێدەدرێت.